# بەیتی کتک

● عەلی پەژارە ●

هەی هەی لەبە کتکێ سۆر
لیل و عەباس و عەدۆر
حاجی برایم و سورمەسۆر
کتکی لێ کردنە پێکۆر
کەس نەوێرا بچیتە ژۆر

● * ● * ●

کتك دەرێ چاوشینم
درانات لێ بگرسینم
نۆ باتمانات دەرپینم

● * ● * ●

هەی لەبە کتکی چاوشین
سۆرە مسی دم بە خوین
کەس نەوێرا لۆی بچین
.........
.........
.........
.........

خەبەرێ بدەنە ماوانێ
تێ بگەینن کابانێ
وەسەرێکا خم خانێ
با بەرنەدا گارانێ
کتك دینی قرانێ

● * ● * ●

لەولای راهات خدرەجو
بەخۆو بە سۆلێ بە ...
بە کۆرانان دادەچو
دەستی کرد بە هەیوهو
ئەیگۆت کتك کێوە چۆ

● * ● * ●

لەولای راهات باسۆکە
بە تفەنگی قامیشۆکە
گولەی تفەنگێی پەرۆکە
ئەوی کتکێ بکوژی
ئەو زۆر مێرەکی کۆکە

● * ● * ●

لەولای راهات مام حاقی
کوتکەکی دا لە تاقی
گۆتی ئەلحەمدو لیللا
کتکێ گوێچکە دووفاقی
پری نەدامە لاقی

● * ● * ●

لەولای راهات مام حوزێرە
نۆ گای لۆخۆ کردنە خێرە
هاوارە کتك نێتێرە

● * ● * ●

لەولای راهات مارە قیر
کورو کاریان دەست بە شیر
ئەوا کتك کرد یەقسیر

● فەرهەنگۆك ●

لەبە : لەبەر
پێکۆر : پێکۆل ـ واتە بەپێ خال هەڵدەکوڵێ ، نیشانەی شەرخوازی یە لەگیانداردا .
دەرێ : دەڵێ
درانات : ددانات
بگرسینم : کردارە ـ لە تورەیی ددانەکانی لەسەریەکتر بەهێز دەکات .
باتمان : لە کوردەواریدا یەکەی کێشە .
دەرپینم : پیسایت پێ دەکەم
سۆرەمس : سورێکی مەیلەو زەرد ، لەوانەیە لە رەنگی مسی سۆر وەرگیرابێ .
دم : دەو ، زار
لۆی : بۆی

ملوان : گوندیکه له دوّلی ڕوّست ناوچەی باڵەکایەتی .
کابان : ئەو ئافرەتەی لەناو ماڵ کار دەکات ، یا کارگێڕی ماڵەوەیە .
خم : هەش
گاڕان : ڕانە گاو مانگاو گوێلك (چاوری)
قڕان : کوّتایی
سوّل : جوّرە پێڵاوێکی کوردەواری‌یە .
کوّران : کوّلان
ئەیگوّت : دەی‌گوت ... دەی‌ووت .
کێوەچوو : بوّ کوێ چوو ، چووە کوێ .

باسوّکە : ناوێکی کوردی بچوکراوەیە لە جیاتی عەباس
مێرەکی کوّکە : پیاوێکی ئازاو بە جەرگە یا چوست و چالاك و لێوەشاوەیە .
کوتك : چەکوشی دار
تاق : دیوار
لاق : مەبەست لەپێ هەتا ڕانە
لوّ خوّ : بوّ خوّ
کوڕوکار : کوڕو کاڵ ، توّلاز ، مەبەست لە گەنجانە .
یەقسیر : دیل ، گرتوو ، گرتی .

# بیمارم

مغدید احمد

ئەی وەی وەی بیمارم !
نەخوّش و دەردە دارم
عارەقەی سینگ و مەمکی
بەسمێرم ڕای دەمارم

ئەی وەی وەی بیمارم !
چەن بێکەس و هەژارم ؟
بوّ من خێرە ماچی توّ
بەتیرت برینادارم

شای و چوّپیە لێرانە
ڕەشبەلەك ، ژن هێنانە
مادام بەتاڵن دەستم
بێ دەنگ بم زوّر جوانە

سوخمەی زەردی چەند جوانە
ئەمنی کردە دێوانە
تاقانەی باوك و دایکی
چەن ڕێك و پێك و جوانە ؟

هاتم لەلای هەورامانێ
بوّت مردم کراس کەتانێ
چەن جوان چوّپی ئەکێشی ؟
بەلەنجەی شانە و شانێ

هەی دەلەنگێ دەلەنگێ
چەن جوان و ڕێك دەلەنگێ ؟
عالەم گشت بوونە دوّست
شایی من و توّ کەنگێ ؟

هاتم لەلای ئەو ژێرە
بەژنت شەتڵە شەلێرە
مادام حەزم لێ دەکەی
زوو زوو نامەم بوّ بنێرە

دەنگم نووسا چەن تێنیم
بەشەرم خوّ نەسێنیم
قومێ ئاوم بوّ بێتن
هێشتازوّر بەگوّرانیم

ئەی وەی وەی بیمارم !
نەخوّش و دەردە دارم
عارەقەی چاڵی مەمان
بەڕیشم ڕای دەمارم .